کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بوونی میدیایەکی گشتی ( Public Service ) هەنگاوێکە بەرەو دیموکراتیەت و دەستبەرکردنی مافی هاووڵاتی.

نەوزاد مارف
دانمارک / هاوینی 2007

باسکردن لەخزمەتگووزاری لە وولاتی ئێمەدا و لە بەشێکی زۆری دونیای سێهەمدا, بە شێوە یەکی گشتی بوارە بەرجەستەییەکانی ژێرخانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. لەوانە کارەبا, ئاو, ئاوەرۆ, ڕێگاوبان, تەندرووستی, پەروەردە ...هتد. کەموو کوری لە هەر بواریک لەو بوارانەدا هەبی بەزەقی لای هاووڵاتی دەردەکەوی وە دەسەڵات گلەیی و کازاندەی دیتەسەر. چونکە ئەرکی دەسەڵاتە کەخزمەتگووزاری بۆ هاووڵاتی دابین بکات جا لە ڕێگەی کەرتی تایبەت بێت یا لە ڕێگەی دەوڵەتەوە بێت. بۆ نموونەگرفتی کەمی ووزەی کارەبا و هەندێ خزمەتگووزاری دی لە هەرێمی کوردستان بوو بەمایەی مانگرتنی هاووڵاتیانی هەندێ لە ناوچەکانی هەرێم, لە ساڵی 2006.

ئەو بەشەگرنگەی ژێرخانی کۆمەڵگە, کەهاووڵاتی بێ بەشە لێی لە هەرێمی کوردستان نەبوونی میدیایەکی گشتی (Public Service), ئەومیدیایەی کە لە خزمەتی هاووڵاتیدایە نەک دەسەڵات یا حیزب.گومانم هەیەکە هاووڵاتی سادە ئاگاداری ئەو پداویستیە خزمەتگووزاریە سەرەکەیە بێت شانبەشانی قووتابخانە, نەخوشخانە, کارەبا ..هتد.

لە ئەنسکلوپیدیایەکی ئەلیکترۆنی (Wikipedia) بە زمانی دانمارکی پیناسەی میدیایەکی گشتی (Public Service) بەم شیوەیە دەکات ( ئەم برگەیە ئەو چالاکیانەی رادیو, تەلەفزیون, ئەنتەرنیت ...هتد دەگرێتەوە کەلە خزمەتی گشتیدان, وە هێلەگشتیەکانی لە لایەن دەستەڵاتەوە دیاری دەکری, سەرچاوەی دارایی لە ڕێگەی ئابوونەی هاووڵاتیانەوە دەبیت). بۆ زیاتر پێناسەی ئەو بابەتە وە ئاشنابوون دەکری مرۆڤ سەیری برگەی 10ی یاسای ژمارەی (1569 لە مانگی12ی ساڵی 2006 ) وولاتی دانمارک بکات. یا یاسای لەوبابەتە لە وولاتە ئەورووپیەکان.

نموونەیەکی میدیایەی گشتی (Public Service) کە زۆربەی زۆری گەلی کورد ئاشناین, هەیەتی ئیستگەی بەریتانیایە (بی بی سی, BBC) بە رادیو, تەلەفزیون وەهەروەها ئەنتەرنیتەوە. ئەومیدیایە ئەگەرچی لەپەیوەندیەکی راستەوخودایەلە رووی ئیداری و داراییەوە لە گەڵ حکوومەتی بەریتانی, بەڵام کاربەدەستانی بی بی سی هەمووکات نیوتراڵ (بێلایەن) و ئۆبجیکتیڤانە (بابەتیانە) سەیری رووداوەکانی کۆمەڵگە دەکەن. وە لە رووی پیشەییەوە لە چوا چێوەی بابەت دەمیننەوە, وە بەرژەوەندی هاوولاتی مەبەستە نەك حکوومەت جا ئەو حکوومەتە, حکوومەتی مارگریت تاتشر بێ یا تۆنی بلیر. ژورنالیستی بی بی سی پرۆفشنالانە کاری خۆی ئەنجامدەدات هەروەك نیشتەرگەریك, ماموەستایەك....هتد.

شایانی باسە ئەوەی کە من تا ئیستا بەدیم کردبی لەو کارە ژورنالستیانەی کە پرۆفشنالانە کاری خۆیان ئەنجامدابیت هەریەك لە بەرنامەی (چاوی سێهەم لە K.Sat ) وە بەرنامەی (ئاریشە, زەنگ لەK. TV), ئەم بەرنامانە لە چوارچێوەیەکی سنووردار‌دا, لەقالبی بابەتی میدیایەکی گشتی ( Public Service) خۆیان دەبینەوە, ئەگەرچی ئەوکەنالانە تایبەت بە لایەنی سیاسین.

یەکیك لە ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەتی روشنبیری لەوولاتانی دیموکراتی, بەتایبەت لە وولاتە سکەندناڤیەکان, دابینکردنی میدیایەکە بەرگری لەمافی هاوولاتی بکات. لە پەرلەمانیشدا لوجنەی تایبەت بەکاروباری میدیاوە هەیە بۆ چاودیری کردنی حکومەت لەرووی جیبەجێکردنی ئەرکەکان کە گرنگترینیان میدیای گشتی (Public Service) ە. وەزارەتی رووشنبیری کاسانی پسپۆرو شارەزای لەو بوارەدا هەیە بو چاودێری و بە ئەنجام گەیاندنی کاری میدیا.

ئاواتەخوازبووم کە کابینەی یەکەمی حکوومەتی کوردی بەسەرۆکایەتی بەرێز دکتۆر فوئاد معصوم وەهەروەها بوونی شاعیری گەورەی کورد بەرێز شێرکۆ بیێکەس لەپۆستی وەزیری رۆشنبیری هەنگاوێك بەئاقاری دامەزراندنی ژیرخانی میدیای گشتی بنی, وە بناغەی ئالیەتێك دروست بکات بۆ بەرگریکردن لە مافی هاوولاتی لە هەرێمی کوردستان.

لەوکاتەوە واتا ساڵی 1992 تا ئیستا چەندین کابینەی وەزاری هاتن و رۆیشتن, وە لە هەندی کاتدا لەبری حکومەتێ, خەڵکی هەرێمی کوردستان خاوەنی دوو حکومەت بوون, وەلەکاتێکدا مێدیای پارتەکان و لایەنەسیاسیەکان لەوپەری گشەسەندندان کەچی هاووڵاتی لە هەرێمەکەدا خاوەنی دەنگێک نیەکە نیوتراڵ (بێلایەن) و ئۆبجیکتیڤانە (بابەتیانە) سەیری رووداوەکانی کۆمەڵگای کوردستان بکات.

ئەگەر بەرێز شێرکۆ بێکەس و دکتۆر فوئاد مەعصوم ئەوکارەیان ئەنجام نەدا, بۆ ئەوەی ئاواتی ئێمەی هاووڵاتی و مروڤی کورد بێتەدی. بەلآم ئیستاشی پیوەوچوار ساڵ پاش روخانی حکومەتی بەعس و بوونی روشنبیری کورد بەرێز فەلەکەدین کاکەیی لە پۆستی وەزیری روشنبیری هەنگاوێکی بەو ئاقارەدا نەنراوە.

ئێمە کە هەر لەسەرەتاوە رۆشنبیرەکانمان وەزارەتیان بەدەستەوە بوو نەیانتوانی ژێرخانی میدیایەکی گشتی دروست بکەن ئەی چاروەوانی کێ بکەن؟؟؟ هاووڵاتی کورد دەبی تاکەی چاوەروانبێ؟؟ تۆ بڵیی هەموو وەزیرەکانی ئێمە هەردەرویش بن؟؟ یا تموحاتیان (گەورەترین ئارەزوو, بەرزخوازی )یان لە چەند مەقالەیەک, چەند هونراوەیەک یا چاپخانەیەک تیپەرنەکات ؟؟؟ ئەندرێ مارلۆ توانی وەک وەزیریک گۆرانکاری هەندە بنەرەتی لەکۆمەڵگای فەرەنسیدا بکات بەرادەیەک کەفەرەنساییەکان هەندەی شارڵ دیگول رێزی لێدەگرن, بگرە ئەو بەدروستکەری فەرەنسای تازە لە قەڵەمددەن.

گومان لەودا نیە کە ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان بە دەیان رۆژنامەو گۆڤار دەردەکرێ وەهەروها چەندین ئستگەی بینراو بیستراو جگە لەسایتەکانی ئنتەرنیت. لەوانەیە بوونی ئەو هەموو میدیایە کەشێکی تازەی هیناوەتەکایەوە بەلآم تا ئیستا پیداویستیەکانی مرۆڤی کوردی پرنکردووەتەوە. چونکە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی نەخویندەوارە وە ئەوەشی خوێندەوارە مەرج نیە رۆژنامە بخوێنێتەوە یا سەیری نێت بکات, بۆیە کاریگەرترین جۆری میدیا, میدیای بینراو وە بیستراوە کەئەویش وەک بەشێکی گرنگی دەسەلآت مولکی پارتە

سیاسیەکانە. ئەومیدیایانەش لەچوارچێوەی بەرژەوەندی پارتەسیاسیەکاندا تەرخان دەکرێت نەک هاوولاتی. مرۆڤ دەتوانی بەراشکاوی بلّی ئەو میدیایانە تەواوکەری شێوازی پارتی بەعسی عەرەبی سوری یاخود بەعسی عیراقین.

بەنەمای سەرکی دیمکراتی ئەوەیە کەدەسەلات بەدەستی خەلکەوە بێت, وەبەشەکی هەرە سەرەکی دەسەلات میدیایە بەتایەت میدیای بینراو و بیستراو. وەبۆ فەراهەمکردنی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان و گۆرینی هزری مرۆڤی کورد, تاکە رێگا, گەرانەوەی میدیای بینراو و بیستراوە بۆ دەستی هاوولاتی. ئەوەتا پارتی سۆشیال دیموکرات لە دانمارک خاوەنی میدیای بینراو و بیستراو نیە, نەک هەر ئەو پارتە هیچ پارتێک لە دانمارک خاوەنی میدیای بینراو و بیستراو نیە. ئەی بۆ دەبێ سۆشیال دیموکراتەکانی کوردستان خاوەنی هەموو چەشنە میدیایەک بن ؟ گەرانەوەی ماف بۆ هاوولاتی میدیاشی پێوە ئەرکی دەسەلاتە کەئەویش خۆی لە پەرلە مان, سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران دەبینیتەوە.

حەزدەکەم زۆر ساویلکەبم و بلّێم, دەسەلاتی هەرێم دەتوانی بریاری خومالّیکردنی (**تامیم**) میدیای بینراو و بیستراوی پارتەکان بدات. خۆ پارتێکی سیاسی تەنها رۆژنامەیەکی پیویستە بۆدەربرینی بۆچوونو سیاسەتی پارتەکەی نەک چەندین میدیای بینراو و بیستراوەو رۆژنامە. ئەوەتا لە وولاتە دیموکراتیەکان پارتەکان خاوەنی رۆژنامەش نین, نمونەش زۆرن, لەوانە وولاتی دانمارک وەک ئاماژەمان پێدا. بە بۆچوونی من بەخومالّیکردنی (**تامیم**) میدیای بینراو و بیستراوی پارتەکان لە هەریمی کوردستان دەبی بە بەرچاوترین هەنگاوی بەرەو دیموکراسی. بەمەرجێک لە خزمەتی هاوولاتیدا بێت, ئەویش بەوەی کە میدیای بینراو و بیستراو لەلایەن دەستەیەکی روشنیرو پسپوری بیلایەنی گەلەکەمان بەریوە ببردرێت, هەروەک محکەمەی تەمیز یا هەر ئۆرگانیکی دی کە خاوەنی سەروەری خۆی بێ.

---

نموونە بۆ میدیای گشتی (Public Service)

- Danmarks Radio & TV2 — Denmark
- NRK (Norsk Rikskringkasting) — Norway
- Sveriges Radio & TV — Sweden
- YLE (Yleisradio Oy, Rundradion AB ) — Finland
- BBC (British Broadcasting Corporation) — United Kingdom